بارزانی: دەنگەکانتان سبەی ئایندەی عێراق دروست دەکات و هێزی سیاسی کوردستان دەسەلمێنێت

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا داوای بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات کە سبەینێ بەڕێوەدەچێت و راشیدەگەیەنێت، "دەنگدان پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەهێزتر و دەنگی لە بەغدا دڵڕتر دەکات" و دەشێت، "ئەرکی هەمومانە ڕویەکی جوانی دیموکراسی و شارستانیی هەرێمی کوردستان نیشان بدەین".

نێچیرڤان بارزانی لەپەیامێکدا سەبارەت بەبەڕێوەچونی دەنگدانی گشتی بۆ پەرلەمانی عێراق رایگەیاندوە، "داوا لە هەمو ئەوانە دەکەم کە مافی دەنگدانیان هەیە، بەشدارییەکی کارای تێدا بکەن، بە شێوەیەکی شارستانی و ئازادانە دەنگ بدەن، چارەنوس و داهاتوی نیشتمان، جێبەجێکردنی دەستور و چەسپاندنی باشتری فیدراڵی، بە بەشداری و دەنگی ئێوە، دیاریدەکرێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "دەنگدان ماف و ئەرك و پەیام و ئەمانەتە، بەرپرسیاریەتییەکی نیشتمانی و دەرفەتێکی نوێبونەوەیە بۆئەوەی بە دەنگی ئازادتان، قۆناغی داهاتوی پرۆسە و ژیانی سیاسی لە عێراق وێنا بکەن، بەشدار و هاوبەش بن لە بەدیهێنانی زیاتری سەقامگیریی

سیاسی، خزمەتگوزاریی باشتر، پێشکەوتن و ژیانێکی شایستە بۆ هەموان".

هەر لەپەیامەکەیدا نێچیرڤان بارزانی دەڵێت، "دەنگدان، پابەندیتانە بە مافەکانتان و بە پتەوکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵیدا، بەشداریی فراوانتان لە دەنگداندا، پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەهێزتر و دەنگی لە بەغدا دڵرتر دەکات، پەیامێکی ڕون دەنێرێت لەسەر پابەندیی گەلی کوردستان بە دیموکراسی و ژیانی هاوبەش و گفتوگۆ بۆ بنیاتنانی داهاتویەکی گەشتر بۆ گەلی کوردستان و هەمو پێکهاتەکانی عێراق".
نێچیرڤان بارزانی داواشی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردوە، "بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی و پیشەیییانە، بەڵێوەچونی پرسەی دەنگدانێکی بێگەرد و ئازاد، ڕبەڕ ڕێکوپێکی و ئارامی مسۆگەر بکەن. لایەنە سیاسییەکانیش بەرپرسیارانە و بەپێی یاساکان، مامەڵە لەگەڵ بەڵێوەچونی پرسەکەدا بکەن و هەمو لایەك لەگەڵ کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردندا هاریکار بن، ئەرکی هەمومانە ڕویەکی جوانی دیموکراسی و شارستانیی هەرێمی کوردستان نیشان بدەین" و دەڵێت، "هەمو دەنگێك بۆ کوردستان گرنگە، دەنگ بدە و لە وێناکردنی داهاتوی خۆت و وڵاتەکەدا بەشدار بە".